چیرۆک

ئەردەڵان عەبدوڵا



# توورە پیاو

ئەوەی خەجێی بناسیبایە هەموو کاتێک یەک ئامۆژگاریی دەکرد «بۆچی واز لەم پیاوە شێت و چەپەڵە ناهێنیت؟» خەجێش گورج وەڵامی دەدایەوە:

«بەخوا عەباس زۆر پیاوی باشە، زۆر میهرەبانە، بەڵام داخەکەم کەمێک تووڕەیە، جارجار زۆر تووڕە دەبێت، بەڵام کاتێک دێتەوە سەرخۆی، هیچی لە دڵدا نامێنێت» مەسەلەکە لەوەدا نەبوو خەڵکی بێدەنگیی لێ بکەن، هەموو رۆژێک کە عەباس دەگەڕایەوە ماڵەوە، یەکسەر دەبووایە قاچ و دەستی بە لەشی نازداری خەجێ گەرم بکاتەوە، ئەو ژنە بێ دەسەڵاتەش لە گریان و هاوار و پاڕانەوە زیاتر، هیچی تری پێ نەدەکرا. عەباس لە دەرگەی دەرەوە، بە هەورەتریشقەی جنێو و قسەی ناشرین دەستی پێ دەکرد و پاشانیش بارانی شەق و زلەی بەسەر خەجێدا دەباراند، ئەمەش بوو بووە رۆتینێکی ئەم ماڵە.

عەباس لە هەموو شتێک دەچوو لە مرۆڤ نەبێت، سەرێکی زلی کەچەڵ، سمێڵێکی رەشی پان، دمێک کە ددانەکانی بەژەهری جگەرە زەرد و ناشرین کرابوون چەوری هەموو لەشی داگیر کردبوو. لە دوورەوە لە گۆزەیەکی شەرابی قووپاو دچوو. ملی لە نێوان سەر و لەشیدا دیار نەمابوو. زۆر جار وات هەست دەکرد، کە ملی نییە. خەڵکی بەگشتی خۆیان لە عەباس دوور دەخستەوە. ئەویش لەبەر دوو هۆ.

یەکەمیان: هەر لە دوورەوە بۆگەنی لەشی دەهات، کەس نەیدەتوانی بۆ ماوەیەکی کەمیش بێت، خۆی لە پەنایدا رابگرێت، پیسی و پۆخەڵی سیفاتێک بوو، هەر لە منداڵییەوە پێی دەناسرایەوە، دایکی بە منداڵی دەبووایە، دارکارییەکی باشی بکردایە، ئینجا دەچوو بۆ حەمام.

لەبەر ئەوە زۆر جار بۆنی ئەو مەڕ و بزنانەی کە سەری دەبڕین زۆر لە بۆنی خۆی خۆشتر بوو، زۆر جار مەڕ و بزنەکانیش بە بۆگەنییەکەی عەباس تێک دەچوون: ئەمە لە لایەک، سیفەتێکی خراپی تری، کە بووبوو بە مایەی بێزاری خەڵکی، زمانە پیسەکەی بوو، عەباس هەر لە منداڵییەوە چێژێکی تایبەتی لە قسەی ناشرین و جنێو وەردەگرت، زۆر جار ئەگەر کەسی دەست نەکەوتایە، دەچووە بەردەم ئاوێنەکەیان و، تێر جنێوی بە خۆی و باوکی دەدا، بۆیە کەس خۆشی نەدەویست. هەموو جارێک دایکی بە دەنگێکی بەسۆزەوە دەیگوت «بەخوا ئەم کوڕەم هیچ کەس شووی پێ ناکات، ئوی خوایە گیان بۆچی وا، وەچاخکوێرت کردم؟»

بەڵام خوا باوکی خەجێی بۆ نارد و، لە بێ ژنی رزگاری کرد، رۆژێکیان باوکی خەجێ

دەچێت گـۆشت بکڕێت، بەڵام پارەی پێ نابێت، باوکی عـەباسـیش نایناسـێت، بەڵام گۆشتەکەی دەداتێ، لە کاتی قسە و باسکردندا، باوکی عەباس باسی عەباسی بۆ دەکات، دەڵێت بە دوای ژندا دەگەڕێم بۆی، باوکی خەجێش یەکسەر دەڵێت «مادام تۆ هێندە پیاوی باشیت، من کچی خۆمت دەدەمێ» ئیتر لە ناو خەڵکیدا بوو بە نوکتە «خەجێیان دا بە یەک کیلۆ گۆشت»، خەجێش بە ناچاری بڕیاری باوکی قبوڵ کرد، وەنەبێ خەجێ کچێکی ناشرین بووبێت ژنێکی باڵا مامناوەندی سپیکەلە، پرچەکانی لە کاتی لاویدا، کاتێک شانەی دەکرد، هەموو گەنجانی دێ شەیدای دەبوون دەمولووتێکی باریک و ناسک، چاوێکی خورمایی گەورە هەر لە ژنە ئەستێرەکانی هولیوّد دەچوو، بەڵام هەموو جوانییەکەی عەباسی چڵکن لە ناوی برد، پاش مانگێک لە شووکردنی بە عەباس، تاقەتی نەما و تۆرا چووەوە ماڵی باوکی. وەلێ حاجی باوکی و غەفووری برای زۆر لێی تووڕە بوون و بە زۆر بردیانەوە بۆ لای عەباسە چڵکن، باوکی هاواری دەکرد « تۆ دەتەوێت ئابڕوومان بەریت!! چۆن داوای تەڵاق دەکەیت ئەی من چۆن دەتوانم بچمە ناو خەڵکی، پێم بڵێن کچەکەی تەڵاق دراوە؟»

لەولاشەوە دایکی بە میهرەبانی خۆی دەیگوت «کچم هەموو پیاوێک تووڕە دەبێت، تۆ سەیری باوکت بکە رۆژ نییە لێم نەدات، بەڵام من هەر رازیم، بۆچی ماڵی خۆت تێک دەدەیت» هەرچەندە خەجێ وەڵامی دەداتەوە، بە گوێیان نەکرد، تەنیا خوشکە بچووکەکەی دەهات باوەشی پێدا دەکرد و دەگریا، ئەو زۆر خەجێی خۆشدەویست لەلایەک بۆ خەجێ دەگریا و لەلایەکی تریشەوە دەیزانی کە ئەویش گەورە بێت، هەمان چارەنووسی خەجێی دەبێت. خەجێ بە ناچاری وەکو چۆلەکەیەکی بێ دەسەڵات، خۆی تەسلیمی قەفەسی بێ بەزەیی عەباسە چڵکن کردەوە.

خەجێ هەموو کاتێک دڵخۆشی خۆی بەوە دەدایەوە دەیگوت «هەمووی چەند ساڵێکە و دیاری گەورە دەبێت، تۆڵەی دایکی، لە عەباسی باوکی دەکاتەوە» لەبەرئەوە چەندە عەباس لێی بدایە و ئازاری بدایە، ئەو بەناچاری رازی دەبوو هیچی نەدەکرد.

هەموو قسە ناشرین و جنێوەکانی عەباسی وەکو جامێک ژەهر، دەخواردەوە. لە ناو خەڵکیشدا دەیگوت «کوڕە عەباس زۆر پیاوی چاکە، هیچی لە دڵدا نییە، زۆر میهرەبانە، بەڵام جارجار تووڕە دەبێت کەمێک تووڕەیە!!» ئەم درۆ گەورەیەشی زۆر بڕی نەکرد، هەفتەیەک رەمەزان تێ نەپەڕی، ئەم رەمەزانەشی وەکو هەموو رەمەزانەکانی تر، دەبووایە خەجێ بە شەق و لێدان و جنێوەکانی عەباس، رۆژووەکەی بشکێنێت، هەر کە رەمەزان

دەهات ئیتر هەتا مانگەکە تەواو دەبوو، خەجێ لە عەزابێکی بێ وێنەدا بوو، چونکە شەق و لێدان و ئازاردانی، لەلایەن عەباسەوە زیاتر دەبوو، لەبەرئەوە هیچ کاتێک حەزی بە رەمەزان نەدەکرد. ئێوارەیەک، لە پڕ هاوار و گریان لە ماڵی عەباسە چڵکنەوە بەرز بووەوە، سەرەتا دراوسێکانی وایان زانی شتەکە ئاساییە وەکو هەموو رۆژەکانی ترە، بەڵام ئەمجارەیان هاوار و گریانی منداڵەکانی خەجێ زۆرتر بوو، هەر بۆیە بە ناچاری دراوسێکان چوونە سەر ماڵی خەجێ بزانن دیسان چی قەوماوە، هەندێک دراوسێ نەیانوێرا بچن، چونکە عەباس زۆر دەمی پیس بوو، لەلایەکی تریشەوە، خەجێ بەرگری لە عەباس دەکرد لەبەرئەوە زۆر لە دراوسێکان خۆیان خراپ نەدەکرد.

بەڵام ئەم ئێوارەیە زیاتر دەنگی منداڵەکانی ویژدانی چەند دراوسێیەکیان جووڵاند. کاتێک چوونە حەوشەکە، سەیر دەکەن خەجێ وەکو مەلێکی بێ گیان، لە ناو حەوشەکەدا کەوتووە وخەڵتانی خوێن بووە، منداڵەکانیش، وەکو کۆمەڵێک بێچووی بێ دەسەڵات، بەسەر لاشەی دایکیانەوە دەگرین.

هەموو بە دەنگێکی ناسکی منداڵانە دەگریان بۆ دایکیان عەباسیش لە ناو موبەقەکەدا، چەقۆیەکی خوێناوی بەدەستەوە بوو، دەتگوت وەحشێکی دڕندەیە. هاواری دەکرد.

«بۆ ناچنەوە ماڵی خۆتان؟ بۆچی خۆتان لە کێشەی ماڵی خەڵکی تر هەڵدەقورتێنن؟».

ئەمجارەیان عەباس، کاتێک ئێوارە دەگەڕێتەوە، زۆر برسی دەبێت، خەجێش کەمێک درەنگ خواردنەکەی بۆ دەهێنێت ئەویش زۆر تووڕە دەبێت، پاش ئەوەی کەمێک شەق و زللەی لێ دەدات، پەلاماری چەقۆش دەدات و هەموو گیانی پاکی خەجێ، چەقۆ باران دەکات خەجێ نەگەیشتە نەخۆشخانە، گیانی پاکی لەدەست دا.

پاش ماوەیەکیش، عەباس لە زیندان بەربوو، یەکسەر دایکی ژنێکی تری بۆ دۆزییەوە، منداڵەکانیشی کەوتنە ناو دۆزەخێکی بێ وێنە.

گیانی پاکی خەجێیش ، لەگەڵ دەستەخوشکەکانی تریدا لە زیندانی پیاوان رزگاریان بوو، بەرەو ئاسمانی بێ تاوانی هەڵفڕین.

٦- ٩- ٢٠٠٩

هەولێر